لیستی یەکگرتوو ٣١٥

گەندەڵی سەر چاوەی نەهامەتیەکانە. بە دەنگدانت بنەبڕی بکە

یەکگرتوو
www.yakgrtu.org

ژمارە (٧٧٨) پێنج شەممە
٢٠١٠/٢/١٨ ز
٢٩ی (رێبەندان)ی ٢٧٠٩ی کوردی
٤ی (ربیع الاول)ی ١٤٣١هـ
ساڵی پانزەهەم

نرخی (٥٠٠) دینارە

18- Feb. -2010
- No. (778)
fifteenth Year
Kurdistan - Iraq

زۆرینەی کاندیداکانی لیستی (٣١٥) گەنجن

(٥) دکتۆرا و (١١) ماستەر و(٧١) هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسی تێدایە

بەپێی سەرژمێریەکی رۆژنامەوانی کە یەکگرتوو بۆ کاندیداکانی لیستی (٣١٥) لە هەرسێ شاری سلێمانی و هەولێر و دهۆك ئەنجامی داوە، دەرکەوتووە کە زۆرینەی رەهایان خاوەن بڕوانامەی بەرزن و، زۆرینەشیان لەدایکبووی ساڵانی حەفتا و شەستەکانن.

بەپێی ئەو سەرژمێرییە رۆژنامەوانیەی رۆژنامەی یەکگرتوو، لە شاری سلێمانی (١٦) کاندیدا بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە، کە دەکاتە زیاتر لە (٥٣٪)ی کاندیداکان، هەروەها (٧) کاندیدایان بڕوانامەی ماستەریان هەیە، کە دەکاتە (٢٣,٣٣٪) و، کاندیدایەك بڕوانامەی دکتۆرای هەیە، کە دەکاتە (٣,٣٣٪)، هەروەها (٥) کاندیدایان بڕوانامەی دبلۆمیان هەیە، کە دەکاتە (١٦,٦٦٪) و، تەنها یەك کاندیدا بڕوانامەی ئامادەیی هەیە، کە دەکاتە (٣,٣٪)ی رێژەی کاندیداکانی لیستی ٣١٥ لە شاری سلێمانی. هەر بەپێی ئەو سەرژمێریەی رۆژنامەی یەکگرتوو (٩) کاندیدا لە سییەکانی تەمەنیاندان، کە ساڵانی (١٩٧٠) بۆ ساڵی (١٩٨٠) دەگرێتە و، دەکاتە رێژەی (٣٠٪)ی کاندیداکان و، (١٧) کاندیداش لە چلەکانی تەمەنیاندان، کە دەکاتە رێژەی (٥٦,٦٪) و، (٣) کاندیداش لەدایکبووی ساڵانی پەنجاکانن، کە دەکاتە رێژەی (١٠٪) و، تەنها یەك دانیشیان لەدایکبووی ساڵی (١٩٤٩)یە، کە دەکاتە رێژەی (٣,٣٪)ی کاندیداکان. لەبارەی رەگەزی کاندیداکانیشەوە سەرژمێریە رۆژنامەوانییەکەی رۆژنامەی یەکگرتوو دەریخستووە، کە (٢٢) کاندیدا لە رەگەزی نێرن، کە دەکاتە (٧٣,٣٣٪)ی کاندیداکان و، (٨) کاندیداش لە رەگەزی مێن، کە دەکاتە (٢٦,٦٦٪)ی کاندیداکان. لە شاری هەولێری پایتەختیش (٢٢) کاندیدا بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە، کە دەکاتە رێژەی (٧٨,٥٪) و، (٣) کاندیداش بڕوانامەی دبلۆمیان هەیە، کە دەکاتە رێژەی (١٠,٧٪) و، (١) کاندیداش بڕوانامەی دکتۆرای هەیە، کە دەکاتە رێژەی (٣,٥٪) و، تەنها یەك دانەشیان بڕوانامەی ئامادەیی هەیە، کە دەکاتە رێژەی (٣,٥)٪ی کاندیداکان. تەمەنی کانداکانی هەولێریش بەهەمان شێوە زۆرینەی رەهایان لەدایکبووی حەفتا و شەستەکانن، (١٢)کاندیدا لەدایکبووی حەفتاکانن، کە دەکاتە (٤٢,٨٪)ی کاندیداکان و، (١٤) کاندیداش لەدایکبووی شەستەکانن، کە دەکاتە رێژەی (٥٠٪)ی کاندیداکان و، (٢) کاندیداش لەدایکبووی چلەکانن، کە دەکاتە رێژەی (٧,٢٪)ی کاندیداکان. لەبارەی رەگەزی کاندیداکانیشەوە سەرژمێرییەکەی یەکگرتوو دەریخستووە کە (٢١) کاندیدا لیستی (٣١٥) لە شاری هەولێر لە رەگەزی نێرن، کە دەکاتە رێژەی (٧٥٪) و، (٧) کاندیداش لە رەگەزی مێن، کە دەکاتە (٢٥٪)ی کاندیداکان.

سەبارەت بە شاری دهۆکیش سەرژمێرییەکەی یەکگرتوو دەریخستووە کە (١٤) کاندیدا بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە، کە دەکاتە رێژەی (٧٠٪)ی کاندیداکان و، لەم رێژەیەش (٢) کاندیدا دوو بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە، کە دەکاتە رێژەی (١٠٪) و، (٣) کاندیداش بڕوانامەیەکی بەکالۆریۆس و بڕوانامەیەی دبلۆمیان هەیە، کە دەکاتە رێژەی (١٥٪)، هەروەها (٣) کاندیدا بڕوانامەی ماستەریان هەیە، کە دەکاتە رێژەی (١٥٪) و، (٢) کاندیداش بڕوانامەی دکتۆرایان هەیە، کە دەکاتە (١٠٪) و، (١) کاندیداش بڕوانامەی ئامادەیی هەیە، کە دەکاتە رێژەی (٥٪)ی کاندیداکان.

لەبارەی تەمەنی (٢٠) کاندیداکەی دهۆکیش سەرژمێرییەکە دەریخستووە، کە (٧) کاندیدا لەدایکبووی حەفتاکانن، کە دەکاتە (٣٥٪) و، (٨) کاندیدا لەدایکبووی شەستەکانن، کە دەکاتە (٤٠٪) و، (٥) کاندیداش لەدایکبووی پەنجاکان، کە دەکاتە رێژەی (٢٥٪)ی کاندیداکان.

لەبارەی رەگەزی کاندیداکانیش دەرکەوتووە، کە (١٥) کاندیدا لە رەگەزی نێرن، کە دەکاتە (٧٥٪) و، (٥) کاندیداش لە رەگەزی مێن، کە دەکاتە رێژەی (٢٥٪)ی کاندیداکانی لیستی (٣١٥) لە شاری دهۆك.

لە لێدوانێکیشدا بۆ یەکگرتوو (د. هادی عەلی) لەبارەی کاندیداکانەوە وتی: "کاندیدەکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە زۆربەی بوارەکاندا پسپۆڕ و شارەزا و کەسانی ئەکادیمی تێدایە، بێ ئەوەی لە ناو ئەو کاندیدانەشدا هیچ ئەندامێکی سەرکردایەتی یان مەکتەب سیاسی لە ناو ئەو کاندیدانەدا هەبێت".

لە درێژەی لێدوانەکەیدا (د. هادی) وتی: "لە (٧) پارێزگای عێراق کاندیدمان هەیە، ئەوانیش پارێزگاکانی (سلێمانی، هەولێر، دهۆك، کەرکوك، بەغداد، موسڵ و دیالە)، کۆی ژمارەی پاڵێوراوانمان (١٢٢) پاڵێوراوە".

(د. هادی) کە سەرۆکی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانی یەکگرتووە، وتیشی:" لە کۆی ئەو (١٢٢) پاڵێوراوە (٧١) پاڵێوراویان هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن، (١١) پاڵێوراویان هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و (٥) دکتۆرای تێدایە، ئەوانی تریش هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمن. لەو ژمارەیەش زۆربەیان کەسانی یاسایی و شارەزا و پسۆڕی یاسایین. هەندێکیان پارێزەرن، لەوانەش بە پلەی راوێژکار، هەروەها دادوەریشی تێدایە".

لەبارەی ئەو بودجەیەش کە یەکگرتوو بۆ کەمپینی هەڵبژاردنەکان دایناوە (د. هادی) وتی:"ئێمە وەکو حیزبە دەسەڵاتدارەکان بودجەی گشتی و گەورەمان لەبەردەستدا نییە. وتیشی کە ئێمە بودجەیەکی موتەوازیعمان داناوە، ئەندام پەرلەمان و وەزیرەکانی رابردوو و ئێستاش بڕی (١٠٠) ملیۆن دیناریان بەخشیوە، هەروەها هەر کاندیدایەکیش دەبێت لەسەر بودجەی تایبەتی خۆی رێکلام بۆ خۆی ئەنجام بدات، چونکە ئێمە توانای داراییمان زۆر سنوردارە، بەڵام لەسەر ئاستی مەڵبەندەکان یارمەتی بۆ کاندیداکان کۆکراوەتەوە".

لە کۆتایی لێدوانەکەیدا (د. هادی) کە بەرپرسی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووشە، ئەوەی خستەڕوو کە :" ئەوانەی پێشووتر وەزیر، یاخود پەرلەمانتار بوون، خۆیان کاندید نەکردۆتەوە، زۆربەی کاندیدەکانیش لە توێژی گەنجانن. بە هەمان شێوە هیچ ئەندامێکی مەکتەب سیاسیی یەکگرتوو لەناو ئەو کاندیدانەدا نین، بەڵکو هەموویان لە کادیری ناوەند (وەسەتی) یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانن".

شیاوی باسکردنە کە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە لیستی (٣١٥)و بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی (٧)ی ئازاردا دەکات و، لە حەوت پارێزگای عێراق بە (١٢٢) کاندیدا کێبڕکێ لەسەر (٧٣) کورسی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکات.

لە پێناو چەسپاندنی مافەکان و ئایندەیەکی باشتردا
٣١٥
دەنگ بدە بە لیستی
یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
٣١٥

هەولێر / ئاهەنگی پشتیوانی ٣١٥ .. فۆتۆ: عەبدوڵڵا ئیبراهیم

"سەرۆکی هەرێم وەڵامی پرسیاری سیناتۆرەکانی ئەمریکای نەداوەتەوە لەبارەی کۆنتراکتە نەوتییەکان "

لە دیمانەیەکی تایبەتدا بۆ یەکگرتوو (بۆتان ئامێدی) وانەبێژ لە (LDESP) لەو بڕوایەدایە "ئەگەر فشاری ئەمریکا نەبێت، پارتی و یەکێتی ئۆپۆزسیۆن قبوڵ ناکەن". (بۆتان ئامێدی) کە خوێندنی لە ئەمریکا (پەیمانگای جۆرجیا تەکنەلۆژیا) تەواوکردووە، بۆ ئەم هەڵبژاردنە بە هاووڵاتیان دەڵێت "خەڵکی کوردستان پێویستە سوود لە هەڵبژاردنەکان وەربگرن. ئەوان بەدڵنیاییەوە دەتوانن لە رێگەی هەڵبژاردنەکانەوە گۆڕان بهێننە کایەوە، لە کاتێکدا کە خەڵکی هەڵبژاردنەکان بە گرنگییەوە سەیر ناکەن، ئەوا دەرفەت بۆ پارتە سیاسییەکان ئاسان دەکەن تاوەکو ئەنجامەکان بگۆڕن بەو شێوەیەی خۆیان دەخوازن بە پڕکردنەوەی سندوقەکانی هەڵبژاردن".

ئەو نووسەرە سەبارەت بە ناوچە جێ ناکۆکەکان و هەڵوێستی ئەمریکا دەڵێت "کێشەی ناکۆکی لەسەر کەرکوك بابەتێکی هەستیار و ئاڵۆزە و ناحەقی دەکەین ئەگەر تەنها سەرکردە کوردییەکان تاوانبار بکەین بە شکستهێنانی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠). ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناچێتە ناو تەفاسیلی ئەو کێشەیەوە، بەڵام پشتگیری لە چارەسەر و گردبوونەوەیەك دەکات کە تیایدا هەموو پارتە عێراقییەکان لەسەری کۆك بن و بەشدار بن لە سەقامگیری عێراقدا".

(ئامێدی) پەردە لەسەر راستییەك هەڵدەداتەوە، ئەویش مەسەلەی کۆنتراکتە نەوتییەکانە و ئاشکرای دەکات کە "سەرۆکی هەرێم وەڵامی سیناتۆرەکانی ئەمریکای نەداوەتەوە لەبارەی کۆنتراکتە نەوتییەکانەوە". (بۆتان ئامێدی) هەروەها رایدەگەیەنێت "باروودۆخی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی باشدا نییە و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاگادارە لە سەرجەمی ئەم گرفتانە".

دێژەی دیمانەکە لە لاپەرە (٧) دەخوێنیتەوە..

پاڵێوراوانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
٣١٥
هەولێر

پاڵێوراوانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
سلێمانی
٣١٥

بەربژێرێت یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
٣١٥
پارێزگای دهۆك

کاندیدەکانی یەکگرتوو بناسە..

ل..
١١، ١٢، ١٣
١٤، ١٥،

رێبین هەردی:
یەکگرتوو هێزێکی پێشەنگ بوو بۆئەوەی عەقلیەتی یەك لیستی لە بەغدا تێکبشکێنێت، بێ ئەوەی رۆحی هاوپەیمانێتی و رێکەوتن لەسەر مەسەلە نیشتمانیەکان بدۆڕێنێت..
لە ژمارەی ئایندە ئەم دەقی دیمانەیە بڵاو دەکرێتەوە.

محەممەد فەرەج:
خەڵك پێی وایە بە ژمارەی کەم ناتوانرێت کار بکرێت بەڵام توانیمان بەو ژمارە کەمە قاوی گەندەڵی بدەین.
ل١٧